# هەر بەندەیەک عەیب وهەڵەی بەندەیەکی تر بپۆشێت -سیتر بکات- لە دونیادا؛ ئەوا خوای گەورەیش لە رۆژی قیامەتدا ئەو بەندەیە دەپۆشێت

لە ئەبی هوڕەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «هەر بەندەیەک عەیب وهەڵەی بەندەیەکی تر بپۆشێت -سیتر بکات- لە دونیادا؛ ئەوا خوای گەورەیش لە رۆژی قیامەتدا ئەو بەندەیە دەپۆشێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە هەر مسوڵمانێك مسوڵمانێکی تر بپۆشێت لە هەر مەسەلە وشتێکدا بێت، ئەوا خوای گەورەیش ئەو دەپۆشێت وسیتری دەکات لە ڕۆژی قیامەتدا؛ پاداشت لە شێوەی کردەوەیە، وخوای گەورە هەڵە وعەیب وتاوانەکانی دادەپۆشێت وپیشانی نادات بەو خەڵکەی وەستاون لە گۆڕەپانی حەشردا، ولەوەیە لێپرسینەوەیشی لێنەکات لەسەریان وباسیشیان نەکات.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3777